# وێنەکان فاکتەرێکن لە توندوتیژیەکانی عێراقدا

محەمەد گەلاڵەیی_ سۆران

ئەمرۆ دەبینین عێراقی نوێ رۆژ نیە کارە توندوتیژیو تیرۆری و تەکفیریەکان لە پەرەسەندنێکی زۆردانو ئەم گروپە تیرۆریستو تەکفرییانە، ئەگەری ئەوەخەنە مێشکی عێراقیەکان کەوا شەری ناوخۆو تایفیو دووبەرەکی ڕوودەداتو، باڵی نا ئارامیشیان بەسەر شارەکانی ناوەڕاستدا کێشاوە، خەریکە مەترسی دروست دەکەن بۆ سەر شارەکانی تری باشوور،و لەهەمان کاتیشدا هەرێمی کوردستان خۆی بۆهەر کارێکی لەم جۆرە ئامادەیی تەواوی هەیە، بەحوکمی ئەو ئەزموونەی ئەمنییەی کە پانزە ساڵە بەڕێوەی دەبات لە ناوچەکەدا، بەلاّم رۆژانە سەیری بارودۆخی ژیانی عێراقیەکان دەکەین لە رێگای شاشەکانی تەلەفزیۆنو ڕوپەری رۆژنامەکانو سایتەکانی ئینتەرنێت، توندو تیژیەکی زۆر لەم وولاّتەدا بەدی دەکەینو دەکەیت، ئایندەی خستۆتە مەترسییەکی ناونراوە شەری ئەهلیو تایفی، تاوای لێهاتووە هەر لە ڕووخساری هاوولاّتیانی عێراق بەتایبەتی بەشی ناوەڕاستەکەی بگرە تاوەکو بیرکردنەوەو کردارو بەجێ هێنانی سروتە ئاینەکانیان، هەموویان ڕەنگدانەوەیەکی توندوتیژیان بەسەرەوە دیارە، هەڵبەتە ئەم توندوتیژیانە سەرچاوەی خۆیان هەیە، ئەم سەرچاوانەش زادەی هەمان ئەو کۆمەڵگایە، کە ئێستا لە قەیرانی ئاسایشدا دەژیت، ئەوەی دەمەوێت ئاماژەیەك بە یەك لەو سەرچاوانەی توندوتیژی لە عێراقدا بکەم، ئەویش وێنەکانن، لەوانەیە زۆر کەس ئەمەی لەلا زۆر سەیر بێت، کە چۆن وێنەکان سەرچاوەیەکن لەم توندوتیژیەی عێراق و بارودۆخی ئەم وولاّتەو گەڕانەوەی ئاسایش بۆی تەنیا بەنەمانی وێنەکانە، یاخود بە لەناوچوونی تیرۆرستو تەکفیریەکانو میلیشاکانە؟ بەڵێ: وێنەکان ئەو سەرچاوەی توندوتیژین کە رۆژانە رقی سەدان کەس هەڵدەستێنێت کەوا پەلاماری شوێنە مەدەنیەکان بداتن، تیرۆرستانو میلیشاکان بنکەو دامو دەزگاکانی حکومەت بکەنە ئامانجی کارە توندوتیژەیەکانیان کە بەگشی تیرۆرکردنی خەڵکە، هەر لە ڕفاندنو تۆقاندنو کوشتنو گرتنو تەقاندنەوەی شوێنە گشتیەکانیوەکو بازارو شەقامەکانو ماڵەکانیش لەگەڵی دابێت، سەدان کاری تر بگرە هەموویان لە ئەنجامی ئەوە ڕوودەدەن، کە وێنەی ئەم سەرکردەو رابەرو رۆحیەکانی مەزهەبێکی شیعی یاخود کەسێکی دیاری ناو سیاسەتی ئەمڕۆی عێراق، هەڵواسراوەو بەو شوێنانەی کە دەستەلاّتیان بەسەرەوەی هەیە، یاخود زۆرینەی دانیشتوانی ئەو گەرەکەی سەر بەو مەزهەبەن، بۆیە لە ڕادەبەدەر وێنەی سەرکردەکانی خۆیان هەڵواسیوە، بۆ بەڵگە هاوپۆلێکی زانکۆم لە بەهاری ئەمساڵدا بۆ کارێکی تایبەت چووبوو بۆ شاری بەغدا، چەند شەوو رۆژێك لە ماڵێکی شیعە مەزهەب دەمێنێتەوە، دوای گەڕانەوەی لە بەغدا بارودۆخی ئەوێمان لێی پرسی، ئەو ووتی: ئەو ماڵەی من لێ بووم تەنیا لەیەك ژووردا چواردەی وێنەی رابەرانی شیعە و عەلی سیستانی لێی هەڵواسرابوو..!! بەڕاستی زۆر سەرم سوڕما کە ئەمەی ووت، گەر بیربکەینەوەو تەنیا لەیەك ژووردا ئەوەندە وێنە هەڵبواسرێت، ئاخۆ لە ماڵی هەواداڕانو هوتافکێشانی مەزهەبی شیعەو ماڵی پاسەوانانی بەرپرسو سەرکردەو رابەرانی شیعەو خەڵکە رەشورووتە تێنەگەیشتووەکە چەندین وێنەیان هەڵواسیبێت، تیرۆرستانیش ئاخۆ دەبێت چەندین خزمو کەسو کارو براو ئامۆزاکانیان رفاندبنو دوایش کوشتبنیانو ئینجا لە شوێنێکی نا دیاردا فرێیاندابن، ئەوە وێنەکانن باجیان پێ ئەداتن، هەر ئەو هاوپۆلەی زانکۆم ئەی ووت: لەناو یەکێك لە بازارەکانی بەغدا یەك وێنەی سەرۆك کۆمارو سەرکردە کوردکانت بەرچاو نەئەکەوت، بەڵکو هەمووی هی گەورە پیاوانی شیعەو وەکو موقتەدا سەدرو عەلی سیتانیو عەبدولعەزیز حەکیمو چەندانی تر، بێجگە لە ووتاری سەر دیوارو مزگەوت و حسێنەیەکان، ئەمانە هەمووی بەو دیوارو تەلارانەی ناو بازارەوە سنوورو وێنەیەکی تری بۆ دروست دەکردی، کە ئەم ناوچەیە پڕە لە دانیشتوانی شیعە مەزهەب، بۆیە ئامانجی تیرۆرستان زۆر بەجوانی بۆیان دیاری دەکرێت، رێك دەچنە ناو ئاپۆڕای خەڵکی ئەم شوێنانەو توندوتیژییەك دەچێننو بلاّودەکەنەوە کە رۆژانە بەردەوامی هەیە، لە رێگای بۆمبی تەوقیت کراوو خۆتەقاندنەوەو ..هتد، هەر بۆیە دەبینین وێنەکان واز ناهێنن هەتا لە سەر تابلۆکانی شوێنە حکومیەکانیش

هەڵدەواسرێت، بۆ نموونە ئەویَ ڕۆژیَ لە یەکێك لە کەناڵەکانی عێراقی، سەیرم کرد وێنەیەکی موقتەدا سەدر بەسەر تابلۆی نەخۆشخانەیەکی ناوەڕاستی بەغدایە، کە زۆر جار دوورنییە تیرۆرستان لەرقی ئەو وێنەیە کارێکی توندو تیژی ئەنجام بدەنو چەندان هاووڵاتی بیَ تاوان لەسەر ئەم وێنەیە خەڵەتانی خوین بکەنو زیاتریش ئارامی عێراق تێك دەچێت ئەوکاتی، چونکە ڕۆژانە یەك کاری توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانییەوە لە عێراق کەمبێتەوە، لە قازانجی هەموو گەلانی عێراقدایە، بۆیە بەکورتی دەیلێم: تا وێنەکان بەو شێوە زۆرو بۆریەی هەڵبواسرێنو کاریگەریی زیاتر دروست بکاتن بۆ توندوتیژیەکان، ئەوا عێراق دەهێڵێتەوە لە ناو زۆنگاوی توندوتیژی و تیرۆرکاریدا، ئاسۆیەکانی پێشکەوتنو ئارامبوونەوەی ئەم وڵاتە زیاتر بەرەو نادیاری دەباتن، کە پێویستە لەسەر دەستەڵاتەکانی سەرۆکایەتی کۆماریو ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی عیراقیش بەیەکەوە یاسایەك دەربکەن بۆئەوەی چیتر وێنەکانی ئەو سەرکردەو ڕۆحیانەی ئاینی بەو شێوەییە هەڵنەواسرێن، وێنەی کەسانی ڕۆحانی مەزهەبیو ئاینیەکان شوێنی وێنەی رەسمی سەرۆك کۆمارو وەزیران نەگرێتەوە، بەڵکو لە شوێنی ترو مەڵبەندەکانی خۆیان ئەو وێنانە هەڵبواسرێن، چونکو شیاو نییە لەسەر تابلۆی دەزگایەکی حکومی یان نەخۆشخانەکان وێنەی سەرکردەیەکی شیعی یان ڕۆحانی لێی هەڵبواسرێت ، پاشان بێتە ئامانجی تیرۆرستانو تەکفریەکان، تا زووشە با سنورێکی یاسایی توندو بگیرێتەبەر بۆ لابردنی ئەم هەموو وێنانە، لەبەرئەوەی ڕۆژانە ئەم وێنانە گیانی چەندان کەس لەناو دەبەنو با ئارامی بگەرێتەوە عێراقی نویَ و وێنەکانیش جارێکی تر لە شوێنی خۆیان هەڵبواسرێنەوە.

باشووری کوردستان

سێشەممە _2006/12/5